کێشەکانی هەڵبژاردەی عێراق بەرەو چارەسەر دەچن و مەکسیکیش هەموو ئاسانکارییەک دەکات

کێشەکانی هەڵبژاردەی عێراق بەرەو چارەسەر دەچن و مەکسیکیش هەموو ئاسانکارییەک دەکات.

هەڵبژاردەی عێراق دوای ماوەیەک لە دڵەڕاوکێ و فشاری زۆر، هەناسەیەکی خۆشی هەڵکێشا، چونکە ئەو تەنگژە ئەمنیی و کارگێڕییانەی هەڕەشەیان لە بەشداریکردنی تیمەکە دەکرد لە پاشکۆی مۆندیالی 2026، بەرەو چارەسەر دەچن.

شێرەکانی ڕافیدەین ئێستا لە بەردەم دەرفەتێکی مێژوویی دان بۆ ئەوەی دوای 40 ساڵ دابڕان بگەنەوە کۆتاییەکانی مۆندیال، بەڵام بۆ ئەمە پێویستە لەو یارییە چارەنووسسازەی کە بڕیارە لە 31ی ئازار لە شاری مۆنتێری لە مەکسیک ئەنجام بدرێت، سەرکەوتن بەدەستبهێنن.

ئەم ئەرکە ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بووەتەوە، چونکە بەهۆی گرژییە سەربازییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کایەی ئاسمانیی عێراق بە داخراوی ماوەتەوە و گەشتکردنی شاندەکەی زۆر قورس کردووە.

جگە لەوەش، کێشەی نەبوونی ڤیزای ئەمریکا و مەکسیک بە ژمارەیەک لە یاریزانان ببووە کۆسپێکی گەورە و وای کرد کەمپی مەشقیی تیمەکە لە شاری هیوستن دوابکەوێت، ئەمەش پەستانێکی زۆری خستە سەر پلانەکانی گراهام ئارنۆڵدی ڕاهێنەر.

لە ئێستادا وەزارەتی دەرەوەی مەکسیک بە فەرمی ڕایگەیاند کە دەستیان کردووە بە پێدانی ڤیزا بە یاریزانانی عێراق و ڕێکارەکان لە باڵیۆزخانەکانیان لە عەرەبستانی سعوودی و قەتەر لە جێبەجێکردندان.

عێراق لەو یارییەدا ڕووبەڕووی براوەی یاری نێوان سورینام و بۆلیڤیا دەبێتەوە و حکومەتی مەکسیکیش بەڵێنی داوە هەموو ئاسانکارییەک بۆ گەیشتنی شاندی عێراق دابین بکات تاوەکو ئەم یارییە بەبێ کێشە بەڕێوە بچێت